زانكۆی هەڵبـــجـــە
كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان
بەشی جوگرافیاقۆناغی دووەم

# بەلادێ بوونی شار

بەسەرپەرشتی
م.هەردی

ئامادە كردنی
محمد عبدالفتاح

# پێشەکی

جوگرافیا زانستێکی دێرینە لە کۆنترین زانستە ناسراوەکانە کە گرنگی بە زەوی داوە لە ڕووی پێکهاتەی سروشتی و زەوی .بەڵم مەودای لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە بەرفراوان بووە تەنها گرنگی بەزەوی نەداوە بەڵکو زۆر بواری تری گرتەوە کە پەیوەندیان بە جوگرافیاوە هەیە وەک [جیۆلۆجی_زانستی گەردوون_دانیشتووان_شار_ژینگە_هتد]

هەر بۆیە پێناسەکانی جوگرافیا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە ڕوانینی جۆراوجۆر بۆ ئەم زانستە هاتۆتە کایەوە .یەکێک لەم زانساتانە کە جوگرافیا گرنگی پێداوە[جوگرافیای شار ]کە یەکێکە لە بوارە گرنگ و پڕبایەخەکانی جوگرافیا ئەم بوارە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشکەوتن و گەشەکردن دایە چونکە هەمیشە بابەتی تازەو سەردەمی و هەمەجۆرجوگرافیای شار لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆی .

جوگرافیەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم گرنگیان بە بابەتە گشتیەکانی شار دەدا بەتایبەت لە شارەکان باساکردن لە گەشەکردن و پێشکەوتن و کێشەکانی شار بە لادێ بوونیشار یەکێکە لە کێشەکانی شار.

# چی دەزانن دەربارەی بەلادێ بوونی شار؟

# (بە لادێ بوونی شار)چەمک و ناساندنی زاراوەی

- بەلادێ بوونی شار بریتییە لە باڵادەست بوونی ڕوخسارەکانی ژیانی لادێ لەناو کۆمەڵگەکانی شارنشین داو تێکەڵاوبوونی بەهاو داب و نەریتەکانی ژینگەی شارو لادێ .
- بەلادێ بوونی شار ;بریتییە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی کۆچی گوندنشینەکانی بۆ شار درووست دەبێ .بەتایبەت لەو کاتانەی گوندنشینان **هەوڵی پیادەکردنی چالکیەکانی لادێ دەدەن لەشاردا** هەروەها گوندنشینان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ دەبن کە کەمترین مەرجی تەندروستی و ژیانیان تێدایە ئەم ناوچانە کەبە دواکەوتوترین بەشی شار دادەنرێ لە ڕووی [پیشە و جل و بەرگ و هەڵسوکەو توو زمان جوڵانەوەی ڕۆژانەیان و دابونەریتیان جیاوازە لە بەشەکانی تری شار]
- هەروەها نوسەری ئەڵمانی [ماکس فیبر ]ئاماژە بەوە دەکا کە بەلادێ بوونی شار بریتییە لە سەرهەڵدانی ژیانی لادێ لە شاردا پێی وایە ئەم  دیاردەیە لە شاردا گەشە دەکا بە زیادبوونی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکانت.

# بنەماکانی جیاکردنەوەی گوند لە شار

- چەند بنەمایەک هەیە کە گوند و شار لە یەکتری جیا دەکاتەوە لەوانە :

١_لەسەر بنەمای قەبارەی دانیشتووان//وەک ئاشکرایە کە ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان کەمترە لە هی شارەکان

٢_لەسەر بنەمای کارگێڕی //شار ناوەندێکە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کاروبارە کارگێڕیەکان واتا ناوەندێکە قازی تێیدا نیشتەجێ دەبێ

٣_لەسەر بنەمای مێژوویی //مێژوو ڕوخسارێکی شیاوو پەسەندە بۆ ناساندنی شار بە شێوەیەکی پاشماوە مێژوویەکان و قەڵاو قولەکان....

٤_لەسەر بنەمای پیشەی //وەک دانیشتووانی شارەکان پشت دەبەستن بە پیشەسازی گوندنشینانیش بە کشتوکاڵ

٥_لەسەر بنەمای کۆمەڵیەتی //شێوازی ژیان ودابوونەریتی شارەکان جیاوازە لە هی گوندەکان

٦_لەسەر بنەمای ڕوخساری گشتی //شار بە ڕوخساری دەرەوەی جیادەکرێتەوە لە گوند

# هۆکارەکانی بە لادێ بوونی شار

- دیاردەی بە لادێ بوونی شار چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە :

١_خێرای زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان بەهۆی کۆچی گوندنشینان

٢_نەبوونی پلانی پێش وەختە لەلایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکان بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی بەلادێ بوونی شار

٣_فراوان بوونی ڕووبەری شارەکان بەهۆی چەندین هۆکاری جیاواز وەک[سیاسی و جوگرافی و کارگێڕی و دیموگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی]

٤_سەرهەڵدانی بەدیلگرتنی شارستانیەت ئەویش لەژێر خێرای فراوان بوونی ڕووبەری شارەکان درووست دەبێ کاتێک شارەکان فراوان دەبن ژمارەیەک لەو گوندانەی کەوتونەتە چواردەوری شار دەکەونە ناو چوارچێوەی سنوری شارەوە

٥_کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان لەژێر چەندین هۆکاری جیاواز و گردبونەوەیان لە دەوری یەکتری

٦_لاوازی حکومە لە لێپرسینەوە لەو کەس و لایەنانە کە خانوی نایاسای و شێواو دروست دەکەن کە دوورن لە پێوەرەکانی شار

# خاسیتەکانی بە لادێ بوونی شار

١_پیادەکردنی چالاکیەکانی لادێ لە شاردا وەکو دانانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەبەردەم ماڵەکانیاندا .بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر فڕێدانی پاشەڕۆی ئاژەڵەکانیان لە بەردەم  ماڵ یان نزیک لە ماڵەکانیان .

٢_ئەو دانیشتوانانەی لە گوندەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ شارەکان هەڵدەستن بە گواستنەوەی  هەڵسوکەوتەکانی لادێ بۆ ناو شار وەک :_ هاوارکردن و بانگ کردنی یەکتاری بە  دەنگی بەرز هەروەها سەردانی کردنی دراوسێ لە کاتی ناوەخت و پێش ئاگادار کردنەوەی پێش وەختە .

٣_لاوازی هەست و سۆزی گوندنشینەکان بۆ شار ئەمەش بەهۆی ئەو بەریەک کەوتنە نەشیاوانەی گوندنشینەکان کە ڕۆژانە بۆیان دروست دەبێت لەگەڵ دانیشتوانی شار

٤_بەرزبوونەوەی تاوانە جۆراو جۆرەکان لە شاردا

٥_زیادبوونی خانووی ناوێک و بێ سەرەوبەر

٦_لاوازی جێبەجێکردنی یاساکانی کارگێڕی


٧_بڵاوبونەوەی کارو پیشەی نایاسایی وەک فرۆشیارە گەڕۆک و دەستگێڕەکان

٨_هەژاری شارنشینی یەکێکی ترە لەو ڕوخسارە دیارانەی کە لە ئەنجامی بە لادێ بوونەوە دروست دەبێت

٩_باڵوبونەوە و گەشەکردنی دەمارگیری گرنگی دان بەپەیوەندی خوێن و خزمایەتی

# سیمای بەلادێ بون لەشارەکان



# سیمای بەلادێ بون لەشارەکان






CATERS NEWS AGENCY

# لایەنە باشەکانی بە لادێ بوونی شار:دووەم

- هەندێ جار جوگرافیەکان لەم گۆشە نیگایەوە تەماشای دیاردەی بە لادێ بوون دەکەن کە هەندێ جار تەنها دەرئەنجامی خراپی هەیە بەڵام دەکرێ هەندێ دەرئەنجامی باشیشی هەبێت .

١_ئەو ناوچانەی لە شار ڕووبەڕووی بە لادێ بوون بونەتەوە بونەتە شوێنێک بۆ نیشتەجە بوونی هەژاران .

٢_ئەو ناوچانەی لێواری شار هەرچەندە ڕووبەڕوی بە لادێ بوون بونەتەوە .بەڵم دەرفەتیشی ڕەخساندووە کە گوندنشینان بەخێرای دەستبەرداری کاری کشتوکاڵی و ئامێرو پەلەوەریەکانیان نەبن . ئەمەکە یارمەتیان دەدا لە ڕووی بژێ ویوو سودبینن تا ئەوکاتەی پیشەیەک لە شار دەستەبەر  دەکەن .

٣_بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی و گۆڕانی مۆرفۆلۆجی بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر گوند بونە .

٤_گۆڕانی پیشەی بەشێک لە دانیشتوانی ئەو گوندانەی کە بەهۆی فراوان بونی شار کەوتونەتە ناوشار.

# کاریگەریە باش وخراپەکانی بە لادێ بوونی شار

- یەکەم :لایەنە خراپەکانی بە لادێ بوونی شار

١_شێواندنی ڕوخساری شار چونکە گوندنشینەکان خانوەکانیان شێوازی نارێکی پێوە دیارە لە هەمان کاتادا لەبەردەم ماڵەکانیان چەند جۆرە کەل و پەل و ئاژەڵ دەبینرێ

٢_درووست بونی کۆلانی پێچاوپێچ و تەنگەبەر و هەڕەمەکی کە کێشە دروست دەکەن بۆ دابینکردنی خزمەت گوزاریەکان

٣_دروستبونی کێشەی ئابووری

٤_دروست بونی نارێکی و ناهاوسەنگی لە دابەش بوونی خزمەتگوزاریەکان وەک ئاو و پەروەردە و تەندروستی و شەقام و ڕێگاو بان....هتد

٥_دروستبونی نارێکی لە دابەش بونی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا

٦_خراپی ڕەوشی پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری

٧_دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی ناشارستانی لە شاردا

# چارەسەرکردن و ڕێگری کردن لەدیاردەی بە لادێ بوونی شار

١_دانانی ماستەر پالنی شار .

٢_ڕێکخستنی کۆچی گوندنشینان

٣_سزادانی ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن و دەبنە هۆکاری درووست بونی بە لادێ بونی شار ئەویش لە ڕێگای ئاگادار کاردنەوەی پێش وەختە بە دووبارە کردنەوەی کارەکە پێویستە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ .

٤_ڕێگە نەدان بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر لەناو شاردا .ڕێگری کردنیان لە بەرەڵاکردنیان لەسەر شەقامەکان ڕێگەنەدان بە دانانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەسەر شۆستە و شەقامەکان .

٥_ئەو گوندنشینانەی هاتونەتە شار پێویستە پابەندی یاساکانی شارو شارستانی بکرێن ئەمەش لە ڕێگەی شارەوانیەوە جێ بەجێ دەکرێ.

# سەرچاوەکان

١_جوگرافیای شار و کێشەکانی شارنشینی /پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێستون احمد حسن ساڵی ٢٠٢٢

٢_سودبینین لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان .

٣_شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دیاردەی بە لادێ بوون شاری ڕانیە کاریگەری لەسەر دیاردەی شارستانیە /دکتۆر بێستون احمد

?


سوپاسی تایبەت بۆ
گوێ گرتن و
ئامادەبونتان